**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عیراق**
**ژمارەی دەرهێنان:٣٣**
**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠٤/٦/٢٠**

پشت بە حوكمەكانی برگە (١)ی ماددەی (٥٦)وماددەی(٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران وئەو یاساكارییەش كە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، لە دانیشتنی ژمارە(٤٣)ی رۆژی (٢٠٠٤/٦/١٩)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش كە برگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمانی داوە، بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای ژمارە( ٣٣ )ی ساڵی/٢٠٠٤
## یاسای وەزارەتی فێركردنی باڵاو لێكۆڵینەوەی زانستی بۆ هەرێمی كوردستانی عێراق

### بەشی یەكەم
### پێناسەكان

**ماددەی یەكەم:**

مەبەست لەم دەسەواژانەی خوارەوە، لەم یاسایەدا، ماناكانی بەرامبەریانە:

١) **هەرێم:** هەرێمی كوردستانی عێراق.
٢) **ئەنجومەنی وەزیران:** ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانی عێراق.
٣) **وەزارەت:** وەزارەتی فێركردنی باڵاو لێكۆڵینەوەی زانستی لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا.
٤) **وەزیر:** وەزیری فێركردنی باڵاو لێكۆڵینەوەی زانستی لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا.
٥) **ئەنجومەن:** ئەنجومەنی فێركردنی باڵاو لێكۆڵینەوەی زانستی.
٦) **فێركردنی باڵا:** هەموو قۆناغەكانی فێركردن كە دوابەدوای قۆناغی دواناوەندی دێن، لە زانكۆ فەرمی و ئەهلی و هەیئەتی پەیمانگا تەقەنییەكان و هەیئەتی باڵای پسپۆرییە پزیشكییەكان لە هەرێمدا.
٧) **زانكۆ فەرمییەكان:** زانكۆی صلاح الدین، زانكۆی سلێمانی، زانكۆی دهۆك و زانكۆی كەركوك و هەر زانكۆیەكی دیكە حكومەتی هەرێم دواتر بیكاتەوە.
٨) **زانكۆ ئەهلیەكان:** ئەو زانكۆ غەیرە فەرمییانەن كە بە رەزامەندیی وەزارەت و بەپێی ئەو شەرتوشروت و بەندو بەستانە دادەمەزرێن كە وەزارەت دیاریان دەكات.

### بەشی دووەم

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

## دامەزرانــدن و ئاما نجــەكان و ئــەرك و فــرمانــەكان

**ماددەی دووەم:**

وەزارەتــیٚ لــە هەرێمـدا دادەمــەزریٚ بــەناوی وەزارەتــی فێركردنــی بـالآو لێكۆڵینــەوەی زانـستی. وەزیریٚ بەڕێوەی دەبا و سەرپەرشـتیی دەكـات بـەناوی وەزیـری فێركردنـی بـالآو لێكۆڵینــەوەی زانستی.

**ماددەی سێیەم:**

ئەم وەزارەتە دەیەویٚ ئەم ئامانجانەی خوارەوە بێنێتەدی:

١–رەنگڕشتن و بەركارخستنی سیاسەتی هەرێم لە بواری فێركردنی بالآو لێكۆڵینەوەی زانستیدا.

٢–وەدیهێنانی گۆڕانكاریەكی چۆنایەتی لە بزاڤی زانستی و خوێندنی بالآداو بەرزكردنـەوەیان تـا ئاقاری پێویست لە بواری زانستی و هونەری و تەكنۆلۆجیدا.

٣–وەدی هێنــانی هاوگونجـان و تــەواوكاری لــە نێـوان بزاڤــی زانـستی و فێركـاریی بـالآو نێـوان پێداویستی هەرێم لە كادیری زانستی و هونەریدا.

٤–كۆشــش بـۆ وەدی هێنــانی هاوســەنگی لــە نێـوان پێــشڤەچونی زانـستی نــەزەری و نێـوان دەسەبەركردنی پێداویستیەكانی وەك بەرفراوانبوون و بەرەو چاكتربردنی (تطوير)ی ئـەزموون و مومارەسەی تەتبیقی و تاقیگەیی (المختبرية).

٥–زامنكردنی (حصانة)ی زانستی بۆ هزرمەند و زاناو لێكۆڵكاران و رێزنان لە كۆششی زانستییان و دنەدانی خۆتەرخان كردنی زانستی.

٦–دنەدان و پشتگیریكردنی دیراسەو لێكۆڵینەوەی زانستی و بەرزڕاگرتنیان و بـەرفراوان كردنـی پسپۆڕیی هونەری و تەكنۆلۆجی بە جۆریٚ كە لەگەڵ پێداویستی فراژوكردنی بەشـەری و مـاددیی هەرێمدا بگونجێن.

٧–ناردن و ئاڵوگۆڕكردنی زانـا و هزرمەنـدو ئوسـتادان لەگـەڵ زانكـۆ و دامودەزگـا زانـستیەكانی عێراق و بیانیدا.

٨–چــابوككردنی وزەو بــەهرەی زانــستی و ســوودوەرگرتن لــە رێگــا و شــێواز و ئامرازگــەلی هاوچەرخی زانستی تا پیٚ بەپیٚ لەگەڵ پێشڤەچونی زانستی و تەكنۆلۆجیی جیهاندا بڕوات.

٩–خزمــەتكردنی كلتــووری گــەلی كوردســتان و گرنگــی دان بــە مێــژووی گــەلی كوردســتان و بەدیارخستنی ئاسەوارە شارستانیەكانی.

١٠–پشتگیری و دنەدانی زانكۆ ئەهلییەكان و كۆمەڵە زانستیەكان لە هەرێمدا.

**ماددەی چوارەم:**

وەزارەت ئەم ئیش و كارانەی خوارەوە بەجیٚ دێنیٚ:

١–ئیقراركردنی پلانگەلی پێویست بـۆ بـەرەو چاكتربردنی بەرنامـە (المنـاهج) و دنـەدانی بزاڤـی كتێبدانان و لێكۆڵینەوەی زانستی و وەرگێڕان لە زانكۆگەل و پەیمانگە تەقەنیەكاندا.

٢–دانانی پلانگەلی پێویست بۆ چاودێری (رعاية)ی زانستی و ئەكادیمی لە هەرێمدا.

ئــــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٣-کۆشش بۆ بەرزکردنەوەی سەویەی زانستیی کادیری فێرکاری، لەبواری فێرکردنی بالأدا، ئەویش لە رێگەی ئامادەکردنی زانا و هزرمەندو ئوستادی زانکۆ و مودەرِیس و شارەزایانی پسپۆرِ لە رۆڵەکانی هەرێم، لەگەڵ خزمەتکردنی لێکۆڵینەوەی زانستی و چاودێری کردن و دنەدان و پشتگیریکردنی خاوەن بەهرەی جوانکاری و نوێکاری، هەروەها هەوڵدان بۆ فەراهەمکردنی ئامرازو هۆکاری هونەری و ئەدەبی و ماددی کە ببنە پاڵپشت بۆ لێکۆڵەر و داهێنەر و جوانکاران تا بتوانن بە دڵنیایی و پرِ باوەرِەوە ئەرك و فرمانی زانستیی خۆیان ببەنە سەر.

٤-داننان بە دامودەزگا زانکۆیی و زانستییە عەرەبی و بیانیەکانداو، ئیقرارکردنی بنەماکانی هاوسەنگ کردنی نمرەو بروانامە زانستییەکانیان.

٥-دیار کردنی بنەما گشتیەکانی وەرگرتنی قوتابیان لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا.

٦-پێشنیازی دامەزراندنی زانکۆ لە هەرێمدا و، ئیلغاکردن یان تێکەڵ کردن یان گواستنەوەی هەندێ لە زانکۆکان.

٧-کردنەوەی کۆلێژ یان پەیمانگای نوێ لە هەرێمدا.

٨-رێکخستنی هاریکاریی رۆشنبیری و زانستی لەگەڵ لایەن و زانکۆ و دامودەزگای دیکەی دەرەوەی هەرێمدا.

٩-چاودێریکردنی (رعاية) ئەو قوتابی و ئوستادو لێکۆڵەرانەی دەنێردرێنە هەرێمی کوردستان یان لە هەرێمەوە دەنێردرێنە دەرەوە، هەروەها زامنکردنی پێداویستی زانستی و کۆمەلأیەتییان، بە هاوکۆمەکی لەگەڵ دایەرە پێوەندیدارەکانی عێراقیدا بۆ یاریدەی ئەوانەی کە لە دەرەوە دێن و، بە هاوکۆمەکیش لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی عێراق و کاربەدەستانی دەوڵەتە خانەخوێکان (الدول المضيفة) بۆ یاریدەی ئەوانەی دەنێردرێن بۆ دەرەوە.

## بەشی سێیەم
## پێکهاتە و سەلأحییاتەکان

### بابەتی یەکەم
### ناوەندی وەزارەتەکە

**ماددەی پێنجەم:**

وەزیر: سەرۆکی بالأی وەزارەتەکەیەو، بەرپرسە لە ئاراستەکردنی ئیش و کارەکانی و سەرپەرشتی و ریقابەکردنی چالاکیەکانی. رێنمایی و بریار و فەرمانگەلیش دەربارەی هەموو شتێ پێوەندیی بە ئەرك و فرمانی وەزارەتەکەو پێکهاتە و کاروباری دیکەی ئیداری و دارایی و تەنزیمی و هونەرییەوە هەبێ لە چوارچێوەی حوکمەکانی یاسادا لە خودی خۆیەوە دەردەچن. بەرامبەر بە ئەنجومەنی وەزیرانیش بەرپرسیارە چونکە ئەندامێکی هاوکاری ئەنجومەنەکەیە، بەتایبەتیش ئەم سەلأحیاتانەی خوارەوە دەخاتە کار:

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

١) ئیقرارکردنی کردنەوەی کۆلێژ و پەیمانگا تەقەنیەکان و، راسپاردنی کردنـەوەی زانکۆکـان و، تەسدیقکردنی کردنەوەی بەشی تازە، یان گۆڕینی کەیانی بەشەکان لـە رێگـەی لێك جیـا کردنەوەیان، یان تێکەڵکردنیان، یـان ئیلغاکردنیـان، یـان بـەرفراوانکردنیان، ئـەویش لەسـەر راسپاردەی ئەنجومەن.

٢) پێشنیازی دامەزراندنی سەرۆکانی زانکۆکان و سەرۆکی دەزگای پەیمانگا تەقەنیـەکان لـە هەرێمدا.

٣) رەزامەندیی لەسەر ئیجازەپێدانی دامەزراندنی زانکۆ و کۆلێـژ و پەیمانگـەی بـاڵای ئـەهلی بەپێی شەرتوشروتێ کە ئەنجومەن دیاریان دەکات.

٤) ئامادەکردنی راپۆرتی ساڵانە دەربـارەی پێداویـستییەکانی فێرکـاریی بـاڵا لـە هەرێمـدا و بەرزکردنەوەی راپۆرتەکە بۆ ئەنجومەنی وەزیران.

٥) پێشکەشکردنی پرۆژەی بوجـەی گـشتیی زانکۆکـان و هەیئـەتی پەیمانگـە تەقەنیـەکان و هەیئەتی باڵای پسپۆڕییە پزیشکییەکان.

٦) کرێ و دەرماڵە و قەرەبوو بەخشش دان بە کارمەندانی وەزارەتەکە.

٧) وەسـتاندنی خوێندن بە نیمچەیی یان بە تەواوی لە زانکۆ و کۆلێـژ و پەیمانگـەکـاندا بـۆ ماوەیەك لـە (١٠) دە رۆژ نەترازێ.

٨) دانانی رێنماییگەلی بەرکارەکی (التعلیمات التنفیذیة) کە بە زەرووری بزانێ بـۆ چارەسـەر کردنی ئەو حاڵەتانەی کە دەقەکانیان لەم یاسایەدا نەهاتووە.

٩) تەسدیقکردنی رەشنووسەکانی ئەنجومەنگەلی زانکۆکان و هەیئەتی پەیمانگە تەقەنیەکان و هەیئەتی باڵای پسپۆڕییە پزیشکییەکان.

١٠) بەرچاوخستنی هەر کاروبارو بابەتگەلێ خۆی پێـی بـاش بـێ لەبـەردەمی ئەنجومەنـدا تـا ئەنجومەن گفتوگۆی لەسەر بکا و رای خۆی لەسەر دەربڕێت.

**١١)** هەر دەسەڵاتێکی خۆی کە خۆی پێی باش بێ ، دەتوانێ بیـدات بـە بریکـاری وەزارەت و سەرۆکانی زانکۆکان و سەرۆکی هەیئەتی پەیمانگە تەقەنیـەکان و سـەرۆکی هەیئـەتی بـاڵای پسپۆڕییە پزیشکییەکان و بەرپرسانی دایەرەگەلی مەرکەزی وەزارەتەکەی.

**ماددەی شەشەم:**

بریکاری وەزارەت: یاریدەی وەزیر دەدات لە ئاراستە کردنی وەزارەت و سەرپەرشتیی کاروبـاری ئیداری و دارایی رێکخستنەدا لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتانەدا کە وەزیر پێی دەسپێرێت.

**ماددەی حەوتەم:**

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

وەزیـر دوو راوێـژكاری دەبـێ بـە مـەرجێ كـە پلـەی زانـستییان لـە ئوسـتاد یـان لـە ئوسـتادی یاریـدەدەر كـەمتر نـەبێ، یـەكێكیان كاروبـاری فێركردنـی بـالاّ دەگرێتـە دەسـت و، ئـەوی دی كاروباری لێكۆڵینەوەی زانستی.

**ماددەی هەشتەم:**

لە دیوانی وەزارەتدا ئەنجومەنێكی راوێژكاری پێك دەهێنرێ بە سەرۆكایەتی وەزیر و ئەندامێتیی هەریەك لە:

| | |
|---|---|
| ١) بریكاری وەزارەت | جێگری سەرۆك |
| ٢) راوێژكاری فێركردنی بالاّو راوێژكاری لێكۆڵینەوەی زانستی | دوو ئەندام |
| ٣) سەرۆكی هەیئەتی پەیمانگە تەقەنیەكان | ئەندام |
| ٤) سەرۆكانی زانكۆ فەرمیەكانی هەرێم | ئەندامن |
| ٥) سەرۆكی هەیئەتی پەیمانگە تەقەنیەكان | ئەندام |
| ٦) سەرۆكی هەیئەتی بالاّی پسپۆرییە پزیشكییەكان | ئەندام |
| ٧) ئەندامێ لە ئەندامانی هەیئەتی تەدریسی لە هەر زانكۆیێ لە زانكـۆ فەرمیەكـانی هــەرێم بە مەرجێ پلەی ئوستادی یان پلەی ئوسـتـادی یاریـدەدەری هـەبێ، لـە لایەن ئەنجومەنی زانكۆكەوە ناوزەرد دەكــرێت. | ئەندامن |
| ٨) نەقیبی سەندیكای مامۆستایانی كوردستانی عێراق | ئەندام |
| ٩) نوێنەری وەزارەتی پەروەردە و نوێنەری وەزارەتی تەنـدروسـتی و كـاروبـاری كۆمەلاّیەتی بە مەرجێ پلەیان لە بەڕێوەبەری گشتی كەمتر نەبێ. | دوو ئەندام |

**ماددەی نۆیەم:**

ئەنجومەن كۆبوونەوەی خۆی بە ئامادە بوونی دو سێیەكی ئەندامەكانی ساز دەدا. بەشێوەیەكی ئاساییش مانگی یەك جار كۆ دەبێتەوە، لە كاتی پێویستیشدا، دەشێ لەسەر بانگهێشتی وەزیـر كۆبوونـەوەی نائاسـایی سـاز بـدات. بڕیارگـەلیش بـە زۆرینـەی دەنگـی ئەندامـە ئامادەبووەكـان دەدرێن. كاتێكیش دەنگەكان یەكسان بن، ئەوە لەو بارەدا تای تـەرازوو بـەلای دەنگـی وەزیـردا دەشكێتەوە.

**ماددەی دەیەم:**

ئەنجومەن ئەم سەلاّحییاتانەی خوارەوە رایی دەكات:

١) دیاركردنی بنەما گشتیەكانی قبولّكردن لە زانكۆو پەیمانگاكاندا.

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٢) ديـاركردنی پلـە و لەقــەب و بڕوانامەگـەلی زانـستی لـە هەرێمـدا، هــەروەها ديـاركردنی شەرتوشروتی بەخشينيان.
٣) دياركردنی شەرتوشروتی ئيجازەپيدان بۆ دامەزراندنی زانكۆی ئەهلی.
٤) ئيقراركردنـــی گرێــدانی كــۆنگرەی فێركردنـــی بــالآ بــە شــێوەيەكی خولاوخــول بــۆ پێداچوونەوەی بەرنامەو پڕۆژەگەلی پێوەنديدار بە فێركردنی بالأو پێرۆگەلی خوێندنـەوە لـە كاتی پێويستدا.
٥) رادەربڕين لەسەر ئەو كاروبارو بابەتانەی كە وەزير دەيخاتە بەردەميان.

**ماددەی يازدە:**

**ديوانی وەزارەت لەم دايەرانەی خوارەوە پێك دێت:**

**يەكـەم : دايەرەی ئيـداری:** هەموو ئەو كاروبارە ئيداری و دارايی و ياساييانە دەگرێتـە دەسـت كـە ناكەونە ژێر سەلأحيياتی زانكۆكان و هەيئـەی پەيمانگـە تەقەنيـەكان و هەيئـەی بـالأی پـسپۆرە پزيـشكييەكانەوەو، فرمانبـەرێ سـەرۆكايەتی دەكـا بـە پلـەی بەڕێوەبـەری گـشتی، لـە كـەميی بڕوانامەی بەكالۆريۆسی هـەبێ، باشـتريش ئەوەيـە كـە خـاوەن بڕوانامەيـەكی بـالأ يـان هاوتـای بڕوانامەيەكی بالأ بێت لە زانستە ئينسانيەكاندا و خزمەتيشی لە دەسالْ كەمتر نەبێ.

**دووەم: دايەرەی خوێندن و پلاندانان و بـە دواداچـوون:** ئـەو پلانانـەی لەلايـەن زانكۆكـان و، هەيئـەی پەيمانگا تەقەنيەكان و، دايەرەكانی مەركەزی وەزارەتەوە ئامادە دەكرێن هەموويان لە پلانێكـی يەكخراوی وەزارەتدا كۆدەكاتەوە و لێكيان دەگونجێنێ بە ئامـانجی ئـەوەی بـە جـۆرێكی ئـەوتۆ بەرەوەچاكتريان ببات كە لەگەلْ پلانـی گـشتيی بەرەوچـاكتربردن (تگـوير)ی هەرێمـدا بگـونجێ، بەيانناـمـەو زانيارييــە ئامارييــەكانيش كۆدەكاتــەوە و بــەپێی دەروازە دايانــدەنێ و شــيكاريان دەكات، هەروەها بە دواداچوونی بەركارخستنی ئەو بڕيارو راسپاردانەی لەو ليژنانەوە دەردەچـن كە دانانی بەرنامەگەلی فێركارييان پێ سپێردراوە، هەروەها گونجانـدن و رێكخـستنی وەرگـرتنی قوتابيــان و خۆگواســتنەوەيان لــە نێــوان زانكۆكــان و هەيئــەتی پەيمانگــە تەقەنيەكانــداو، دابەشكردنی ئەو قوتابيانەش كە لە دەرەوە دێن، هەروەها بـەڕێوەبردنی حاسـوبی ئـەلكترۆنی و پێشكەشكردنی ئەو ديراسەتانەش كە پێوەندييان بـە ئـيش و كـاری وەزارەتەكـەوە هەيـە. ئـەم دايەرەيە فرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سـەرۆكايەتی دەكـات كـە بڕوانامـەی دكتـۆرای هەبێ و، خزمەتيشی لە دەسالْ كەمتر نەبێ.

**سێيەم: دايەرەی بيعسەو پێوەندييە رۆشنبيرييەكان:** سەرپـەرشتيی ئەو قوتابيانە دەگرێتە ئەسـتۆ كـە بــۆ خوێنــدن نێــردراون بــۆ دەرەوە، هــەروەها بەدواداچــوونی خوێنــدن و هەلْــسەنگاندنی

ئــــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كــــوردستان
www.mojkurdistan.com

بڕوانامەکانیـشیان دەگرێتـە ئەسـتۆ و، پێوەنـدیی ڕۆشـنبیری و زانـستییش لەگـەڵ دامودەزگـا زانــستی و ڕۆشـــنبیرییەکانی دەرەوەشـــدا ڕێـــك دەخـــات و بـــەدووی بەرکارخـــستنی ئـــەو ڕێکەوتننامانەشدا دەچێ کە لەم بوارەدا لەگەڵیاندا مۆرکراوە، ئەم دایەرەیە فرمانبـەرێ بەپلـەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکا، کە بڕوانامەی دکتـۆرای هـەبێ و خزمەتیـشی لـە دەسـاڵ کەمتر نەبێ.

**چوارەم: جیهازی پشکنین:** فرمانبەرێ سەرۆکایەتی دەکا بە پلەیەکی تایبەت کە بڕوانامەی دکتۆرای هـەبێ و، لـە کـەمی پلـەی ئوسـتادی یاریـدەدەری هـەبێ و لـەکاروباری زانـستی و ئیداریـشدا شارەزایی ماوەی دەساڵ خزمەتی هەبێ، ژمارەیێ پشکنەری پسپۆڕ یاریی دەدەن. ئەم جیهازە مەشروعییەتی ڕەفتاری زانکۆو کۆلێژو پەیمانگـە و بـەش ولقـەکان یەکلادەکاتـەوە کـە بزانـێ تـا چەند لەگەڵ یاسا بەرکارەکاندا دەگونجێن. ئەرکەکانی ئەم جیهازە بەپێڕۆ دیاردەکرێن.

## بەشـی چـوارەم
## دەزگاکانی فێرکـــردنی بـالآ

**ماددەی دوازدە:** ئەم تەشکیلاتانەی خوارەوە بە وەزارەتەکەوە دەبەسترێن:

1) **زانکۆی سەلآحەددین**
2) **زانکۆی سلێمانی**
3) **زانکۆی دهۆك**
4) **زانکۆی کەرکوك**
5) **هەیئەتی پەیمانگە تەقەنیەکان**
6) **هەیئەتی بالآی پسپۆرە پزیشکییەکان**

**ماددەی سیازدە:**

زانکۆ جێگایەکی پیرۆزی بێوەیـەو ، ناوەنـدێکی شارسـتانی و هزریـو زانـستی و تەقەنییـە لـە کۆمەڵگەداو ، شەخسییەتی مەعنەویی خۆی و سەربەخۆیی دارایی و ئیداریی خۆی هەیە .

**ماددەی چواردە:**

زانکۆ لـە کۆلێـژو ناوەنـدی لێکۆڵینـەوەو هـەر تەشـکیلاتێکی دیکـە پێکـدێت بـەپێی پێداویـستی مەعریفەی تیۆری و تەتبیقی و، بە پێی پێڕۆیەکی تایبەت.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی پازدە :**

زانکۆ سەرۆکێکی دەبێ، بەپلەیەکی تایبەت و بە بڕیاری سەرەك وەزیران و لەسەر پێشنیازی وەزیر دادەمەزرێ ،بە مەرجێ بروانامەی دکتۆرای هەبێ و بۆ ماوەیەکیش خزمەتی زانکۆیی هەبێ لە دە سالْ کەمتر نەبێ .

**ماددەی شازدە :**

**سەرۆکی زانکۆ ئەم سەلاحییاتانەی خوارەوەی هەیە:**

١) سەرۆکایەتی ئەنجومەنی زانکۆ دەکات و بانگهێشتی ئەنجومەن دەکات بۆ کۆبوونەوەی ئاسایی و نائاساییش ، بڕیارەکانیشی دەخاتە بەرکارو لەبەرامبەر هەموو لایەنێکیشدا نوێنەرایەتی زانکۆ دەکات.

٢) بەپێی حوکمەکانی یاساو پێڕۆ پێوەندیدارەکان و ئەو فەرمان و ڕێنماییانەش کە لە وەزارەتەکەوە دەردەچن ئیدارەی کاروباری زانستی و ئیداری و دارایی زانکۆ بەڕێوە دەبات.

٣) بەپێی یاساگەل و پێڕۆ و ڕێنماییە بەرکارەکانیش ئیدارەی ئەموالی گواستەنی و نا گواستەنیش بەڕێوەدەبات.

٤) قازانجەکانی نووسینگە و عیادەی راوێژکارەکان دابەش دەکا، (٤٠٪) ی بۆ زانکۆ تەرخان دەکاو و دەخرێتە سندوقێکی تایبەتەوەو بۆ بەرەوباشتربردنی بزاڤی زانستی و خزمەتی زانکۆ خەرج دەکرێو ، (٦٠٪) یشی بەسەر کارمەندەکانیدا دابەش دەکرێ.

٥) دامەزراندنی سەرۆکانی بەش و لق و یاریدەدەرانی عەمیدەکان لە کۆلێژەکاندا .

٦) سەرۆکی زانکۆ بۆی هەیە هەندێ لە سەلاحییاتی خۆی بدات بە عەمیدەکان و یاریدەدەرەکان ، یان بە هەر کەسێ کە خۆی پێی باش بێت .

**ماددەی حەڤدە :**

سەرۆکی زانکۆ سێ یاریدەدەری دەبن ، یەکەمیان بۆ کاروباری ئیداری و دارایی ، دووەمیان بۆ کاروباری زانستی و ، سێیەمیان بۆ پەیوەندیگەلی ڕۆشنبیری و ئەکادیمی . ئەمانە ، بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی ، بە بڕیاری سەرەك وەزیران و لەسەر پێشنیازی وەزیر دادەمەزرێن دەبێ بروانامەی دکتۆرایان هەبێو هەر لە کەمیی بە مەرتەبەی ئوستادی یاریدەدەر، بە مەرجێکیش خزمەتی زانکۆییان هەبێ لە حەوت سالْ کەمتر نەبێ.

**ماددەی هەژدە:**

زانکۆ ئەنجومەنێکی دەبێت . ئەم ئەنجومەنە هەیئەتی بالأی زانستی و ئیداریی زانکۆکەیەو ، پێك دێت لە:

| | |
|---|---|
| ١) سەرۆکی | سەرۆك |
| ٢) یاریدەدەرانی سەرۆکی زانکۆ | ئەندامن |
| ٣) عەمیدەکان | ئەندامن |

٤) دوو ئەندامیش لە هەیئەتی تەدریسی زانکۆ کە هەیئەکە خۆی هەڵیاندەبژێرێ بۆ ماوەی دوو سالْ و، یارای تازەکردنەوەشە بۆ تەنیا یەك جار.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی نۆزدە:**

ئەنجومونی زانكۆ ئەم ئیشە تایبەتانەی خوارەوە دەكات :

١) **ئیشەتایبەتە زانستیەكان:**

أ – تەسدیقكردنی پلانگەلی وەرگرتنی قوتابیان بۆ سەرەتاكانی خوێندن لە كۆلێژەكاندا و ، ئیقراركردنی پلانگەلی وەرگرتنیش بۆ خۆێندنەكانی بالاّ.

ب – ئیقراركردنی پلانگەلی لێكۆڵینەوەی زانستی لە كۆلێژەكان و ناوەندە زانستییەكانیدا .

ج– ئیقراركردنی پلان بۆ فەراهەمكردنی پێداویست و ئامرازەكانی فێركردن .

د– ئیقراركردنی پلانی كردنەوەی بەش و لق و ناوەندی زانستی .

ﻫ– ئیقراركردنی بابەتەكانی خۆێندن و دابەشكردنیان بە سەر ساڵەكانی خۆێندن لە كۆلێژەكاندا .

و– ئیقراركردنی پلانێك بۆ بیمەكردنی (تأمین ) ئەندامانی هەیئەی تەدریسی.

ز– بەخشینی مەرتەبە زانستیەكان بە ئەندامانی هەیئەی تەدریسی .

ح– ئیقراركردنی وە بەركارخستنی پلانی وەرگرتن لە خۆێندنە بالاّكاندا .

گ– بەدواداچوونی بەرنامەی هەڵسەنگاندنی ئەندامانی هەیئەی تەدریسی .

ی– ئیقراركردنی بەرنامەگەلی خۆێندن و بەرەو چاكترگۆڕینی بە بە هێزكردنی بارودۆخی زانستی.

ك– نیمچەوەستاندن یان بە تەواوی وەستاندنی خۆێندن لە زانكۆدا بۆ ماوەیەك لە (٦) شەش رۆژ نەترازێ.

٢) **ئیشە تایبەتە ئیداریەكان :**

أ – ئیقرار كردنی پلانگەلی پێوەندییە رۆشنبیرییە دووقۆڵییەكان لەگەڵ زانكۆ و دامو دەزگا زانستیەكانی دەرەوەی هەرێمدا و ، بەركارخستنیان .

ب–گرێبەستی لەگەڵ ئەندامانی هەیئەی تەدریسی و هونەرمەندانی بیانیدا .

ج– دامەزراندنی تەدریسییە خاوەن بروانامەی دكتۆراو ماجستێر یان بڕوانامەی هاوتاكانیان.

د– رەزامەندیی لە سەر ناردن و ئیعارەو ئیجازەی دراسی لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێمدا .

ﻫ– ئیقرار كردن و وەبەركارخستنی پلانی تەئهیل و مەشق پێ كردنی كادیرە زانستی و ئیداریەكان .

و– ئیقراركردن و وەبەركارخستنی پلانی ئامادەكردنی میلاكی زانستی و ئیداری بۆ كۆلێژەكان و ناوەندە زانستیەكان .

٣) **ئیشە تایبەتە داراییەكان :**

أ–ئیقراركردنی بەركارخستنی پلانی بوجەی ساڵانە و بەرنامەی هاوەردەنی(الاستیرادیة)و پلانی وەبەرهێنانی (الاستثمار) راستەوخۆ بە تەنسیق لە گەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكان لە هەرێمدا.

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

ب- تەسدیقکردنی بڕیارەکانی لیژنەکان کە تایبەتن بە سڕینەوەو هەڵسەنگاندن و بەکرێدان و فرۆشتنی ئەموالی گواستەنی و ناگواستەنیی زانکۆ.

ج- ئیقرارکردنی حساب و حسابکاریی کۆتایی.

٤) ئەنجومەن بۆی هەیە هەندێ لە سەلاحییاتی خۆی بدات به سەرۆکی زانکۆ.

**ماددەی بیست:**

کۆلێژ، راگرێ (عمید) ێکی دەبێت، بڕوانامەی دکتۆرای هەبێ و لەکەمیی مەرتەبەی ئوستادی یاریدەدەر بێت و خزمەتی زانکۆییشی لە حەوت ساڵ کەمتر نەبێ. بە بڕیاری سەرەك وەزیران و لەسەر پێشنیاری وەزیر بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی دادەمەزرێ.

عەمید دوو یاریدەدەری دەبێ، یەکیان بۆ کاروباری زانستی و، ئەوی دیکەیان بۆ کاروباری ئیداری و قوتابیان . لەسەر راسپاردەی ئەنجومەنی کۆلێجەکە، بە بڕیاری سەرۆکی زانکۆ دادەمەزرێن.

**ماددەی بیست و یەك:**

راگر(عمید)ئەم ئیش و سەلاحییاتانەی خوارەوە رایی دەکا:

١) **ئیشە تایبەتە زانستیەکان:**

أ-بەدواداچوونی رەوش و رێکۆپێکیی خوێندنە سەرەتاییەکانی کۆلێژ و خوێندنە بالاکانی و ، کۆشش بۆ پتەوکردنی بارودۆخی پەروەردەیی و زانستی.

ب-تەسدیقکردنی راسپاردەگەلی ئەنجومەنەکانی بەش و لقەکان.

ج- رەزامەندیی لەسەر دابەشکردنی ماددە دیراسییەکان و یەکە فەسلییەکان بەسەر ئەندامانی هەیئەی تەدریسی و موحازیرەکاندا، هەروەهاش، پێکهێنانی لیژنەگەلی گفتوگۆکردنی نامەکان(الرسائل) و دیارکردنی وادەکانیان.

د- وەبەرکارخستنی هەموو رێنمایی و پێڕۆکان کە لەبارەی رێکخستنی کاروباری زانستی و پەروەردەییەوە دەردەچن، هەروەها بڕیارەکانی ئەنجومەنی کۆلێژیش.

٢) **ئیشە تایبەتە ئیداری و داراییەکان:**

أ-وەبەرکارخستنی ئەو یاساو پەیڕۆو رێنماییانەی کە پەیوەندییان بە کاروباری ئیداری و داراییەوە هەیە.

ب-رەزامەندی لەسەر راسپاردەگەلی لیژنەکانی کۆلێژەکە.

ج- رەزامەندی لەسەر تۆمارکردنی قوتابیان بۆ دیراسەی سەرەتایی کۆلێژو دیراسەی بالا.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

د– رەزامەنـدی لەسـەر كـڕين و هـاوردنی ئـامرازی تاقيگـەيی (المختبريـة) و پێداويـستی ديكـەو گۆڤارو كتێب.

هـ– رەزامەندی لەسەر خەڵاتكردنی كەسانی دەرەوەی زانكۆ كە لە كۆلێژەكـەدا مەشـق دادەدەن و وانە دەڵێنەوەو سەرپەرشتی لەسەر نامەگەل (الرسائل) و دەكەن ولە ليژنەگەلی تاقيكردنەوەی گشتگير(الشامل) و ليژنەكانی گفتوگۆ بەپێی ياسا بەركارەكان، بەشداری كردن.

و– رەزامەنـدی لەسـەر گـۆڕينی عينـوانی هونەرمەنـد و ئيداريـەكان لەچوارچـێوەی ميلاكـی تەسديقكراوی كۆلێژەكەدا، بەپێی حوكمەكانی ياساو پێڕۆو ڕێنماييەكان.

ز– رەزامەنـدی لەسـەر گواسـتنەوەو تەنـسيبكردنی كەسـانی كارمەنـد لـە ئەنـدامانی هەيئـەی تەدريسی و هونەرمەندو ئيدارييەكان لەچوارچێوەی كۆلێـژو دايـەرەكانی زانكـۆدا، ئـەوەش دوای تەنسيقكردن لە نێوان جێ گۆڕكێكاندا، بەمەرجێ موافەقەتی سەرۆكايەتيی زانكۆی لەسەر بێ.

**ماددەی بيست و دوو:**

١) كۆلێژ ئەنجومەنێكی دەبێت كە بريتييە لە هەيئەی زانستی و ئيداری و دارايی و ،لەمانـەی خوارەوە پێك دێت:

| | |
|---|---|
| أ. عەميدی كۆلێژ | سەرۆك |
| ب. سەرۆكانی بەش و لقە زانستيەكان لەو كۆلێژانەدا كە بەشی زانستييان تێدانييە | ئەندامن |
| ج. ياريدەدەرانی عەميد | ئەندامن |
| د. دوو تەدريسی لە كۆلێژەكە، هەيئەی تەدريسی هەڵياندەبژێرن | ئەندامن |
| هـ. بەڕێوەبەرانی ناوەندەكانی لێكۆڵينەوەی سەر بەكۆلێژەكە | ئەندامن |

٢) ئەنجومەنی كۆلێژ بۆی هەيە ئەنـدامێ بـۆ خـۆی زيـاد بكـا لـە وەزارەتێكـەوە بيهـێنێ كـە پێوەنديدار بێت بە ئيشە تايبەتەكانی كۆلێژەكەوە.

**ماددەی بيست و سێ:**

ئەنجومەنی كۆلێژ ئەم ئيش وسەڵاحيياتانەی خوارەوە رايی دەكات :

**١) ئيشە تايبەتە زانستيەكان:**

أ– دانانی پلانی وەرگرتنی قوتابيان لە خوێندنی سـەرەتايی كۆلێـژداو پێـشنيازكردنی پلانگـەلی وەرگرتنيش بۆ خوێندنی باڵا بەپێی بـەش و لقـی زانـستی و شەرتوشـروتەكانی و بەدواداچـوونی وەبەركارخستنيان.

ئـــــەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

ب- دانانی پلانگەلی تایبەت بە لێكۆڵینەوەی زانستی و دانانی كتێب و وەرگێڕان و پەخشكردن و، دابینكردنی پێداویستیەكانی فێركاری و ئەندامانی هەیئەی تەدریسی.

ج- دانانی پلانگەلی كردنەوەی بەش و لقی زانستی و ناوەندەكان(المراكز) هەروەها پێشنیازكردن بۆ كردنەوە یاتێكەڵكردن یان ئیلغاكردنی بەش و لقی زانستی و، دابەشكردنی بەرنامەكانیش بەسەر ساڵەكانی خوێندنا.

د- ئیقراركردنی پلانگەلی بەشە زانستییەكان لەبارەی بانگهێشتنی ئوستادە میوانەكان.

هـ- ئیقراركردنی عینوانەكانی نامەزانكۆییەكان و ناوزەدكردنی لیژنەگەلی تاقیكردنەوەی گشتگیر و سەرپەرشت و هاوپشك (المشارك) و ئەنجامەكانی گفتوگۆو زیادكردن یان لابردنی بابەتگەلی دیراسی لە دیراساتی باڵادا و، رەزامەندی لەسەر ناوزەدكردنی ئیمتیحاندەرە خارجییەكان لەسەر پێشنیازی بەش یان لقی زانستی.

و- راسپاردن بۆ كردنەوەی دیراساتی باڵا و بەرنامە و پلانەكانی ساڵانەو پلانەكانی پێنج ساڵی و شتی تریش كە ناویان لە برگە (هـ) ی ئەم ماددەیە دا نەهاتووە.

ز- ئیقراركردنی وەبەركارخستنی مەشقی هاوینەی تەتبیقی زانستی بۆ كۆلێژەكە.

**٢) ئیشە تایبەتە ئیدارییەكان:**

أ- سەرپەرشتیی كاروباری كۆلێژو گرنگیدان بە بزاڤە جۆراوجۆرەكانی زانستی و رۆشنبیری و پەروەردەیی و وەرزشی.

ب- ئامادەكردنی میلاكی كۆلێژ لە ئەندامانی هەیئەی تەدریسیی كۆلێژەكە بەر لە كۆتایی ساڵی خوێندن، ئەوەش لەبەر رۆشنایی ئەو پێشنیازانەی كە عەمید و ئەنجومەنی بەشەكان یان ئەنجومەنی لقەكان پێشكەشی دەكەن.

ج- پێشنیازی ئیجازەپێدانی دیراسی لەناو هەرێم بۆ كارمەندانی كۆلێژەكە، ئەوەش لەسەر پێشنیازی بەش یان لقی زانستیی پێوەندیدار.

د- پێشنیازی ئیعارەكردنی خزمەتی ئەندامانی هەیئەی تەدریسی یان ئیجازە و زەماڵەو بیعسەیان بدرێتێ بۆ دەرەوەی هەرێم ئەوەش لەسەر پێشنیازی بەش یان لقی زانستیی پێوەندیدار.

هـ- رەزامەندی لەسەر خۆتەرخانكردنی ئەندامی هەیئەی تەدریسی لەناوەوە یان لەدەرەوەی هەرێمدا بەپێی بەندو بەستی (الضوابط) بەركارخراو.

و- سەپاندنی سزای زەپتی(الانضباطیة) بەسەر قوتابیاندا بەپێی پێڕۆو رێنماییگەلی بەردەست.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

ز– سەیركردنی هەموو كاروبارێكی دیكە لە كۆلێژدا كە عەمید بۆی هەواڵەدەكات.

ح– سەرپەرشتیی بەركارخستنی پـیڕۆو ڕێنماییگـەلێ كـە پێوەنـدییان بـە كاروبـاری زانـستیی كۆلێژەكەوە هەیە.

گ – راسپاردن كە ئەنـدامانی هەیئـەی تەدریـسی و موحازیرەكـان بنێـردرێن بـۆ خوێنـدنی بـاڵا، ئەوەش بەپێی ئەو ژمارەو پێداویستەی كە بەش و لقەكان دیاریان دەكەن.

ی – پێشنیازی پلانی تەئهیلی كادیرە زانستی و ئیداریەكان.

ك– پێشنیازی پلان بۆ پێوەندیگەلی ڕۆشنبیریی دووقۆڵی.

ل – ئەنجومەن بۆی هەیە لیژنەگەلێ پێك بهێنێ تا لە پیادەكردنی ئیش وكارە زانستی و ئیـداری و دارایی پەروەردەییەكانیدا یاریدەی بدەن

۳) **ئیشە تایبەتە داراییەكان:**

أ– پێــشنیازی پلانگــەلی بوجــەی ســاڵانەو بەرنامــەی هــاوەردەی ســاڵانەو پلانــی وەبەرهێنانی(الاستثمارية)ساڵانە.

ب– راسپاردن بۆ ئیقرارکردنی حساب و حسابکاریی كۆتایی كۆلێژ.

ج– رەزامەندی لەسەر (تەصمیم) و نەخشەو لیستی پارەی ئەرك و مەسرەفی ئـیش و پڕۆژەكـانی كـە لـە بوجـەی ئاسـایی یـان لەبوجـەی وەبەرهێنانـدا هـاتووە، ئینجـا ئیحالـەیان دەكـاو بـەپێی حوكمەكانی یاساو پیڕۆو شەرتو شروتی تایبەت گرێبەستی جێ بەجێ كردنیان مۆردەكا.

د– ئەنجومەن بۆی هەیە هەندێ لەسەلاحییاتی خۆی بە عەمیدی كۆلێژ بسپێرێ.

## مادده بیست و چوار:

**بەشی زانستی:** بریتییە لە یەكەی زانستی و بە بناغەی فێركردنی بـاڵا دادەنـرێ و ئەنجومـەنێكی هەیە پێك دێت لە:

۱–سەرۆكی بەش: لەسـەر پێـشنیازی عەمیـدی كۆلێـژ، بـە بڕیـاری سـەرۆكی زانكـۆ دادەمـەزرێ بەمەرجێ مەرتەبەی زانستیی لـە ئوسـتادی یاریـدەدەر كـەمتر نـەبێ. سـەرۆكی بـەش كاروبـاری ئیداریی بەشەكە دەگێڕێ.

۲–ژمارەیێ لە ئەندامانی هەیئەی تەدریسی لە (۱٤) چواردە ئەندام زیاتر نـەبن و لـە(۸) هەشـت ئەندامیش كەمتر نەبن، بەمەرجێ مەرتەبەی مودەڕیس یان بـەرزتریان هـەبێ، جـا ئەگـەر هـات و ژمارەی پێویست فەراهـەم نـەبوو، ئـەوە، لـەوبارەدا دەشـێ هەنـدێكیان مەرتەبـەی مودەڕیـسی یاریدەدەریان هەبێ بەپێی ئەقدەمییەت.

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٣-ئەنجومەن ئەم ئيشە تايبەتانە هەڵدەسووڕێنىٛ:

أ-گفتوگۆ لەسەر بەرنامەگەلی خوێندن و تاكەتاكەی بەرنامەكەو كتێبەكانی خوێندن دەكاو پێشنيازی هەمواركردنيان يان گۆڕينيان دەكا، ئەوەش لەبەر ڕۆشنايی راسپاردەكانی ئەندامانی هەيئەی تەدريسی.

ب-پێشنيازكردنی پێداويستەكانی بەش لە ئەندامانی هەيئەی تەدريسی و هونەرييەكان، هەروەها بانگهێشتی ئوستادە ميوانەكان.

ج- ئيقراركردنی بەرنامەگەلی لێكۆڵينەوە زانستييەكان كە لەلايەن ئەندامانی بەشەوە پێشكەش كراون، هەروەها پێشنيازكردنی رێگای شياو بۆ تەواوكردنيان و، راسپاردن بۆ پشتگيريی لێكۆڵينەوەی زانستی و كتێبگەلی دانراوو وەرگێڕدراوو، گرنگيدان بە بەحسەكانی قوتابيان و فەراهەمكردنی پێداويستيگەلی جیٛ بەجیٛ كردنيان.

د- بەركارخستنی بڕيارەكانی ئەنجومەنی كۆلێژ.

هـ- پێكهێنانی ليژنەگەلی پەروەردەيی و زانستی بەپێی پێداويستی بەش.

و- سەرپەرشتيی رەوشی تەدريس و شێوازەكانی تەدريس و بەرەوچاكتربردنيان، هەروەهاش سەرپەرشتيی ئەندامانی هەيئەی تەدريسی و كارمەندەكانی ديكەی بەش كە ئەركی سەرشانی خۆيان بەجیٛ بگەيێنن. هەروەها سەرپەرشتيی كاروباری زانستيی قوتابيان لە قۆناغە جۆربەجۆرەكانی خوێندندا لە رێگەی سەرپەرشتيی سەروەر(الدائم) ی زانستييەوە.

ز- بەدواداچوونی پەرەسەندنی زانستی مەعريفەو زانستەكان و، رێنمايی كردنی ئەندامانی هەيئەی تەدريسی بەرەو نوێكردنەوەی بەرنامەگەل و ماددەگەلی وانەكان بەجۆریٛ لەگەڵ ئەم پەرەسەندنە زانستی و تەكنۆلۆجييە دا بگونجیٛ.

ح - هەندیٛ لە سەلاحيياتی خۆی دەدات بە سەرۆكی بەش.

**ماددەی بيست و پێنج:**

هەيئەی تەدريسيی زانكۆكان و هەيئەی پەيمانگە تەقەنييەكان و هەيئەی بالای پسپۆڕە پزيشكييەكان، لەمانە پێك دێن:

١ - ئوستادەكان.

٢- ئوستادە ياريدەدەرەكان.

٣ - مودەڕيسەكان.

٤ - مودەڕيسە ياريدەدەرەكان.

ئەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی بیست و شەش:**

١ - ئەو کەسەی دادەمەزرێ بە مودەڕیسی یاریدەدەر یان ئەو نازناوەی پێ دەدرێ، مەرجە بڕوانامەی ماجستێری هەبی یانْ هاوتای ئەو بڕوانامەیەی هەبێ.

٢ - ئەگەر مودەڕیسی یاریدەدەر لەماوەی چوار ساڵدا، لە رۆژی دامەزراندنییەوە، تەرقیە نەکرا بۆ مەرتەبەیەکی بالاَتر، ئەوە، لەوبارەدا دەگوازرێتەوە بۆ دەرەوەی خوێندنی بالاَ، بەمەرجێ گواستنەوەکەی راسپاردەی ئەنجومەنی کۆلێژ و ئەنجومەنی زانکۆیشی لەگەڵدا بێت.

**ماددەی بیست و حەوت:**

کەسێ بە مەرتەبەی مودەڕس دابمەزرێ یان ئەو نازناوەی پێ بدرێ، مەرجە یەکێك لەم دوو شەرتەی هەبێ:

١ — دەبێ بڕوانامەی باوەڕپێکراوی دکتۆرای وەرگرتبێ یان هاوتای زانستیی ئەو بڕوانامەیە، یانیش دەبێ بڕوانامەیەکی زانستی یان هونەری یان تەقەنی یان پیشەیی لە پسپۆریگەلێکدا هەبێ کە نە بڕوانامەیەکی دکتۆرا دەبەخشن و نە بڕوانامە هاوتا زانستیەکەی، ئەویش بە مەرجێ ئەو خوێندنەی ئەو بڕوانامەیەی پێ وەردەگیرێ لە(٣) سێ ساڵ کەمتر نەبێ دوای بڕوانامەی کۆلێژ.

٢ — پێویستە مودەڕیسی یاریدەدەر بووبێ لە یەکێ لە زانکۆکاندا یان لە دەزگای پەیمانگە هونەریەکاندا بۆ ماوەیەك لە(٣) سێ ساڵ کەمتر نەبێ و لەو ماوەیەشدا لە کەمیی دوو لێکۆڵینەوەی بە نرخی بلاَوکردبێتەوەو کۆششێکی تەدرییسیی باشیشی بە خەرج دابێ.

**ماددەی بیست و هەشت:**

کەسێ بە مەرتەبەی ئوستادی یاریدەدەر دابمەزرێ یان ئەو مەرتەبەیەی پێ بدرێ، مەرجە مەرتەبەی مودەڕیسی لە زانکۆیەکدا یان لە هەیئەی پەیمانگە تەقەنیەکاندا یان لە هەیئەی بالاَی پسپۆرە پزیشکییەکاندا بووبێ لەوانەگوتنەوەدا بۆ ماوەیەك لە چوار ساڵ کەمتر نەبێ و، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی بە نرخیشی بلاَو کردبێتەوە، لە سێ لێکۆڵینەوە کەمتر نەبێ.

**ماددەی بیست و نۆ:**

کەسێ بە مەرتەبەی ئوستاد دابمەزرێ یان ئەو مەرتەبەیەی پێ بدرێ، مەرجە شەرتو شروتی ماددەی (٢٨)ی تێدا فەراهەم بێت و لە کەمیش شەش ساڵی لە مەرتەبەی ئوستادی یاریدەدەردا بەسەر بردبێ و، لەو ماوەیەدا کۆششی دەگمەنیشی لە تەدریسدا بەخەرج دابێ و، لە کەمییش(٣) سێ لێکۆڵینەوەی ئەسڵی و(موبتەکەر) یشی بلاَو کردبێتەوە.

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی سی:**

بەدەر لـە حوکمگـەلی ماددەکـانی پێشتر، دەشـێ خـاوەن دکتـۆرای بـاوەڕپێکراو، یـان خـاوەن هاوتـای زانـستیی دکتـۆرا، بـە مەرتەبـەی ئوسـتادی یاریـدەدەر لـە زانکـۆدا دابمـەزرێ لەسـەر ڕاسپاردەی ئەنجومەنی زانکۆ، بەمەرجێ لە زانکۆکـانی دەرەوەی هەرێمـدا بەقـەدەر ئـەو ماوانـە تەدریـسی کردبـێ و ناوبـانگی سـەرکەوتنی لـەو تەدریـسەدا دەرکردبـێ و، لێکۆڵینەوەگـەلێکی زانستیی بەنرخ و موبتەکەریشی بڵاوکردبێتەوە.

## بەشـی پێنجـەم
## هەیئـەتی پەیمانگـە تەقەنییـەکـان

**ماددەی سی و یەك:**

ئـەم هەیئەتـە شەخـسییەتی مەعنـەوی و سـەربەخۆیی دارایـی و ئیـداریی خـۆی هەیـە و بـە وەزارەتەوە بەستراوەو، ئیشەکانیشی بوارگەلی فێرکردنـی تەقـەنیی پـاش خوێنـدنی ئامـادەیی، یان هاوتاکەی، دەگرێتەوە. بۆیشی هەیە ڕاسپێرێ بەپێی پێویست پەیمانگە بکرێتـەوە یـا ئیلغـا بکرێ یان تێکەڵ بکرێن.

**ماددەی سی و دوو:**

١ - هەیئەکـە سـەرۆکێکی دەبێـت خـاوەن بڕوانامـەی دکتـۆراو، مەرتەبـە زانـستییەکەشی لـە ئوستادی یاریدەدەر کـەمتر نییـە و خزمـەتی زانکۆییـشی لـە(١٠) دە سـاڵ کـەمتر نییـە. لەسـەر پێشنیازی وەزیر و بە بڕیاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە پلەی تایبەت دادەمەزرێ.

٢ - سەرۆکی هەیئە باربۆی بۆ دەکرێ لە لایەن هەڵگرانی بڕوانامە باڵاکانەوە.

٣- سەرۆکی هەیئە بۆ کاروباری هەیئەکەی سەلاحییاتی سەرۆکی زانکۆی هەیـە کـە دەقـەکانیان لە ماددەی (١٦)ی ئەم یاسایەدا هاتووە، بۆیشی هەیە هەنـدێ لـە سـەلاحییاتی خـۆی بـدات بـە عەمیدی پەیمانگەکان یان بە هەرکەسێ کە خۆی بە لەباری بزانێ.

**ماددەی سی وسێ:**

هەیئە ئەنجومەنێکی هەیە بەڕێوەی دەبا و، پێك دێت لە :

١– سەرۆکی هەیئە — سەرۆك

٢– عەمیدەکانی پەیمانگەکان — ئەندامن

٣– نوێنەرێك لە هەر وەزارەتێکی پەیوەندیدارەوە کە پلەی بەڕێوەبەری گشتییان هەیـە یـان بـاڵاتر، لەوانـەی کـە خـاوەن ئـەزموون وپـسپۆڕن و بـۆ مـاوەی دوو سـاڵ کـە یـەك جـار یـارای نوێکردنەوەیە ناوزەد دەکرێن — ئەندامن

٤–ئەندامێ لە هەیئەی تەدریسی هەر پەیمانگایێ، لە لایـەن ئەنجومـەنی پەیمانگـەوە نـاوزەد دەکرێ بۆ ماوەی دوو ساڵ و، بۆ یەك جاریش یارای نوێکردنەوەیە.

**ماددەی سی وچوار:**

ئـەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـوردستان
www.mojkurdistan.com

ئەنجومەنی هەيئە ئەو ئيشە تايبەت و سەلاحيياتە رايی دەكا كە دراون بە ئەنجومەنی زانكۆ و دەقەكانيان لە مادده(١٩)ی ئەم ياسايەدا هاتووە، بەجۆرێ كە لەگەڵ بارودۆخی هەيئەكەدا بگونجێ و، يۆيشی هەيە هەندێ لە سەلاحيياتی خۆی بدات بە سەرۆكی هەيئەكە.

**ماددەی سی و پێنج:**

١) پەيمانگە عەميدێكی دەبێ، لە كەمی بروانامەی ماجستێری هەبێ، بە مەرتەبەی مودەڕيس و ژوورتر. لە سەر پێشتيازی وەزيرو بە بڕياری سەرەك وەزيران بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی دادەمەزرێ.

٢) عەميد سەلاحيياتی ئيشە تايبەتيەكانی خۆی بە پێی ئەوەی لە ماددەی (٢١)ی ئەم ياسايەدا هاتووە ئەنجام دەدات بە جۆرێ لە گەڵ ئامانجەكانی پەيمانگەدا، بگونجێ .

٣) عەميد ياريدەدەرێكی دەبێ، لەسەر راسپاردەی ئەنجومەنی پەيمانگە، بە بڕياری سەرۆكی هەيئەكە دادەمەزرێ.

**ماددەی سی وشەش:**

١) پەيمانگە ئەنجومنێكی دەبێ، بەڕێوەی دەبات ، لە عەميدو سەرۆكانی بەش ولقەكان پێك دێت.

٢) ئەنجومەن ئيشی تايبەت و سەلاحيياتی وەك ئەوەی ئەنجومەنی كۆلێژ رايی دەكا، وەك لە ماددەی (٢٣)ی ئەم ياسايەدا دەقەكانيان هاتووە، بەجۆرێكيش كە لە گەڵ ئامانجەكانی پەيمانگەدا بگونجێ.

## بەشی شەشەم
## هەيئەی باڵای پسپۆرە پزيشكييەكان

**ماددەی سی وحەوت:**

هەيئەتێك بە ناوی (هەيئەی باڵای پسپۆرە پزيشكيەكان لە هەرێمی كوردستاندا) دێتە دانان. ئەم هەيئەيە دەزگايەكی فێركارييە بە پلەی زانكۆ و، بە وەزارەتەوە دەبەسترێ.

**ماددەی سی وهەشت:**

ئەم هەيئەيە بۆ ئامادەكردنی پزيشكی پسپۆر لە هەموو لقە جۆربەجۆرەكاندا تێدەكۆشێ وهەوڵ دەدات پێداويستی زەروور بۆ ئەو كارەی فەراهەم بكات بەپێی تازەترين شێوازو موبتەكەری زانستی.

**ماددەی سی ونۆ:**

أ. ئەم هەيئەتە سەرۆكێكی دەبێ خاوەن بڕوانامەی دكتۆرا يان هاوتای دكتۆرا لە پزيشكيدا، لە كەميی بە مەرتەبەی ئوستادی ياريدەدەر. لە سەر پێشنيازی وەزير و بە بڕياری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزيران دادەمەزرێ.

ئـــــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

ب. سەرۆكی هەيئە جێگرێكی دەبێ خاوەن بڕوانامەی دكتۆرا يان هاوتاكەی لە پزيشكيدا، لە كەميی بە مەرتەبەی ئوستادی ياريدەدەر. لەسەر پێشنيازی وەزير، بـە بڕيـاری سـەرەك وەزيران دادەمەزرێ ولە كاتی ديارنەبوونی سەرۆكدا جێگرێتی.

**ماددەی چل:**

**أ. ئەنجومەنێ ، وەك هاوشانی ئەنجومەنی زانكۆ، هەيئەكـە بـەڕێوە دەبـات و سەرپەرشـتيی دەكات. پێك هاتووە لە:**

١- سەرۆكی هەيئەكە سەرۆك.

٢- جێگری سەرۆكی هەيئەكە جێگری سەرۆك.

عەميدەكانی كۆليژە پزيشكيەكان وكۆلێژی پزيشكيی ددان وكۆلێژی دەرمانسازی وپەرستيارانی زانكۆكانی هەرێم ئەندامن.

٤- نوێنەرێكی وەزارتی تەندروستی وكاروباری كۆمەڵايەتی بە مەرجێ پسپۆريی پزيشكيی هەبێ ولە كەميش پلەی بەڕێوەبەری گشتی هەبێ ئەندام

٥- دوان لە تەدريسييەكانی هەيئەكە لە كەميی بە پلەی مودەڕيس، لەلايەن ئەنـدامانی هەيئـەی تەدريسەوە هەڵدەبژێردرێن بۆ ماوەی دووساڵ و، يارای تازەكردنەوەشە بۆ يەك جار ئەندامن

ب. ئەنجومون بڕياردەرێكی (مقرر) دەبێ، خاوەن شارەزايی ئيداری بـە پلـەی بەڕێوەبـەر، ئـەم بڕياردەرە كاروباری ئيـداريی ئەنجومەنەكـە دەگرێتـە دەسـت، بـە ريكخسـتنی ليسـتی كـارو تۆماركردنی رەشنووسی دانيشتنەكان وبڕيارەكان وبە بەڕێ خستنی نامەونامكاريشەوە.

**ماددەی چل ويەك :**

ئەنجومـەن لـە سـەر بانگهێـشتی سـەرۆك كۆبوونـەوەكانی خـۆی دەبەسـتێ و(نـصاب)يـش بـە ئامــادەبونی دوو سـێيەكی ئەندامــەكانی دێتــەجێ و، بڕيــارو راســپاردەكانيش بــە زۆرينــەی ئامادەبووان دەردەچن و، لە كاتی يەكسانبوونی دەنگەكانيـشدا، دەنگـی سـەرۆك بـۆ كـام لايـان بێت، هی ئەوە.

**ماددەی چل ودوو:**

سەربارى ئەو ئيشەتايبەتانەی بە ئەنجومەنگەلی زانكۆكان سپێردراون ودەقەكانيان لـە مـاددەی نۆزدەی ئەم ياسايەدا هاتوون، ئەنجومەن ئەم ئيشە تايبەتانەی خوارەوەش رايی دەكات:

١) ئيقراركردنی پلانگەلی لێكۆڵنەوەی زانستی .

٢) ئيقرار كردنی پلانی فەراهەمكردنی پێداويستيەكانی فێركردن.

٣) ئيقراركردنی بەرنامەگەلی خوێندن و تەقويمی.

ئـــەرشيفی رۆژنامەی وەقـايعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٤) راسپاردن به پلانگەلی وەرگرتنی قوتابی و شەرتوشروتەكانی.

**ماددەی چل وسیٚ:**

دەرچوانی (خریجو) هەیئە بڕوانامەی (زەمیل) یان پیٚ دەبەخشریٚ كە بە بەرزترین بڕوانامەی پیشەیی لە بواری پسپۆریدا دادەنریٚت، هەڵگری ئەم بڕوانامەیە دوو ساڵ قیدەمی بۆ مەبەستی عەلاوەو تەرفیع دەدریٚتیٚ و، هەر لە رۆژی وەرگرتنیشییەوە لە هەموو ماف وئیمتیازەكانیشی سوودمەند دەبیٚت.

**ماددەی چل وچوار:**

پزیشكیٚ داوای كردبیٚ ئەو بڕوانامەیە وەربگریٚ، مەرجە پلە پلەی پزیشكیی بڕیبیٚ كە دەقەكانیان لە یاسا بەركارەكاندا هاتووە.

**ماددەی چل وپیٚنج:**

ماوەی خویٚندن و نەنبیق لە هەیئەكەدا چوار ساڵی تەقویمییە.

**ماددەی چل وشەش:**

ئەو یاساو پیٚڕۆو ریٚنماییانەی كاروباری تەدریسی و قوتابیان وزەپتی لە زانكۆكانی هەریٚمدا ریٚك دەخەن، بە سەر هەیئەكەشدا دەسەپیٚن.

**ماددەی چل وحەوت:**

پیٚڕۆی ناوخۆی هەیئەو بەشە زانستییەكانی وشەرتوشروتی وەرگرتنی قوتابی و هەموو ئەو شتانەش كە پیٚوەندیی بە كاروبارییەوە هەیە، بەڕەوشی تەدریسات وتاقیكردنەوەكانیشەوە هەمووی بە ریٚنماییگەلیٚ دیاردەكریٚن وەزیری فیٚركردنی باڵاو لیٚكۆڵینەوەی زانستی دەریاندەهیٚنیٚ.

## بەشی حەوتەم
## زانكۆ ئەهلییەكان

**ماددەی چل وهەشت:**

دەشیٚ زانكۆگەلی ئەهلی لە هەریٚمدا دابمەزریٚن بەپیٚی شەرتوشروتیٚ كە ئەنجومەنی فیٚركردنی باڵاو لیٚكۆڵینوەی زانستی دیاریان دەكات.

**ماددەی چل ونۆ:**

وەزارەت سەرپەرشتی زانكۆ ئەهلیەكان دەكات بەپیٚی ئەم بنەمایانەی خوارەوە:

١) ئیجازەپیٚدانی دامەزراندنی ئەم دەزگایانە بەپیٚی شەرتوشروتیٚ ئەنجومەن دیاریان دەكات.

٢) ریقابەی باش ئەنجامدانی حوكمەكانی یاساو، پابەندبوونیان بە سیاسەتی زانستیی هەریٚم و ریٚنمایی وەزارەت وئەنجومەن وحوكمەكانی پیٚڕۆی ناوخۆیەكەی كە ئیجازەكەی پیٚ وەرگرتووە.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

٣) ئەنجومنگەلی ئیدارەکەشی دەبێ نوێنەرێکی وەزارتی تێدابێت.
٤) سەرومرپیش زانیاری و رێنیشاندانی پێ دەدرێ تا بتوانێ لە سیاسـەتی زانـستیی گـشتیی هەرێم تێ بگات وپابەندیان ببێ.
٥) لە کاتی زەروورردا ئەنـدامانی هەیئـەی تەدریـسی و موعیـد و فرمانبـەرو لێکۆڵـەر منحـەی دارایی بۆ دەنێرن بە شێوەیەکی ئەوتۆ کە لەگەڵ کوششی زانستییەکەی و هاوبەشـبوونی لـە بنیادنانی رۆشنبیریی کۆمەڵگەدا بگونجێ.
٦) لە حاڵەتێکیشدا، لە حوکمەکانی یاسا یان پێڕۆ لابدات و لەو ئامانجانەش بـا بداتـەوە کـە بۆ وەدی هێنانیان دامەزراوە، ئەوە لەو بارەدا خوێندنی بە شێوەیەکی نیمـچە یـان بەگـشتی بۆ ماوەیەکی کاتی تێدا دەوەستێنرێ یان ئیجازەکەی لێ دەکێشرێتەوە.

## بەشـی هەشــتـەم
## حوکـمـە کـۆتـاییـــەکـان

**ماددەی پەنجا:**

١) ئەندامانی هەیئەتی تەدریسی مەرتەبەی زانستیی خۆیان و هەموو ئەو مافانەی دیکەشیان لەلا پارێزراو دەبێ کە لەم یاسایە و یاسای دیکەو لەو پێڕۆ و رێنماییانەشـدا کـە بـەپێی ئـەو یاسایانە دانراون دەیانکـەوێ، تـەنیا دەرماڵـەی خۆتـەرخان کـردن وەرنـاگرن لـە حاڵەتێکدا تەنسیب بکرێن یان خـۆ تـەرخان بکـەن بـۆ وەزیفـەی دەرەوەی زانکـۆ و دەرەوەی هەیئـەی پەیمانگە تەقەنیەکان و هەیئەی باڵای پسپۆڕە پزیشکییەکان یان دابمەزرێن یان بگوازرێنەوە بـۆ وەزیفـەی ناوەنـدی وەزارەت یـان ناوەنـدی زانکۆکـان یـان ناوەنـدی هەیئـەی پەیمانگـە تەقەنیەکان و هەیئەی باڵای پسپۆڕە پزیشکییەکان و وەزارەتـی پـەروەردە. مـاوەی پیـادە کردنی ئەم وەزیفانەشـیان بـە خزمـەتی تـەواو بـۆ مەبەسـتی عـەلاوەو تـەرفیع وخانەنـشینی حساب دەکرێ.
٢) ئەندامانی هەیئەی تەدریسی مافی تەرقیەی زانـستییان پـارێزراوە کـاتێ دادەمـەزرێن یـان دەگوازرێنــەوە بــۆ وەزیفەگــەلی دەرەوەی فێرکردنــی بــاڵا ئەگــەر هــەموو شەرتوشــروتی پێویستیان فەراهەم بێ و تەنها مەرجی تەدریسیان نەبێ.

**ماددەی پەنجاویەك:**

**١-ئەمانەی خوارەوە بە پێڕۆ دیار دەکرێن:**

أ-ناوەند (مرکز)ی لێکۆڵینەوەی زانستی لە زانکۆ و کۆلێژ و هەیئەی پەیمانگە تەقەنیەکان و، ئیشی تایبەت و کاروباری زانستی و ئیدارییەکانیان.

ب-بەشـەکانی دایەرەگـەلی وەزارەت وئیـشە تایبەتـەکانیان، هـەروەها بەشـەکانی ناوەنـدی زانکۆکان و هەیئەی پەیمانگە تەقەنیەکان و هەیئەی باڵای پسپۆڕە پزیشکییەکان.

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

ج–كاروباری هونەریی تایبەت بە وەرگرتن و گواستنەوەی قوتابیان.

٢–بەپێی ڕێنماییگەلێكیش كە وەزیری فێركردنی باڵا و لێكۆڵینەوەی زانستی دەریدێنێ، ئەمانە دیار دەكرێن: كاروباری پێوەند بە ڕابەریكردنی قوتابیان و ڕێ نیشاندانی زانستی و پەروەردەیی و كۆمەڵایەتی و هزریی قوتابیان و، چاودێریكردنی ماددی و مەعنەوییان و، ڕێكخستنی چالاكیی لامەنهەجی و تاقیكردنەوەو ئەرك و زەپتییەیان، هەروەها ناردنیان بۆ بیعسە و زەمالە و، هەموو كاروباری دیكەی زانستی و پەروەردەیی و ڕێكخستنی ئیجازەی دراسییشیان.

**ماددەی پەنجاو دوو:**

١– دادگاكان قەدەغە دەكرێن لە سەیركردنی هەر دەعوایەك كە دژ بە زانكۆ یان هەیئەی پەیمانگە تەقەنیەكان یان كۆلێژ یان هەر پەیمانگەیەكیان یان هەیئەی باڵای پسپۆڕە پزیشكییەكان بكرێتەوە سەبارەت بە وەرگرتنی قوتابی و گواستنەوە و تاقیكردنەوە و سزای زەپتی كە بەسەر قوتابیاندا دەسەپێنرێت، وەك دەركردنی قوتابی بە هۆی دەرنەچونی لە تاقیكردنەوە یان بەهۆی دیكەوە. تەنها زانكۆ و هەیئەتی پەیمانگە تەقەنیەكان و هەیئەی باڵای پسپۆڕە پزیشكییەكان بۆیان هەیە ئەو شكاتانە یەكلابكەنەوە كە لەو ڕووەوە ڕوودەدەن، ئەوەش بە پێی ڕێنماییگەلێ كە وەزارەت دەریدەهێنێ.

٢– دادگاكان قەدەغەدەكرێن لە سەیركردنی دەعواگەلی ڕاستكردنەوەی بڕوانامە و دەرەجە زانستییە عیراقی و بیانیەكان دوای قۆناغی دواناوەندی، هەروەها قەدەغەیە سەیری دەعوای بەخشینی نازناوو بڕوانامەی زانستی و فەخری بكەن.

**ماددەی پەنجاو سێ:**

زانكۆكان و هەیئەی پەیمانگە تەقەنیەكان و هەیئەی باڵای پسپۆڕە پزیشكییەكان بۆیان هەیە لە ئەزموونی زانستی و لە تەتبیقی زانستی و تاقیگەیی و مەشقدانی قوتابیاندا داوای كۆمەك لە هەموو لایەنێكی پسپۆڕ لە دایەرەكانی هەرێمدا بكەن و، پێویستیشە لەسەر ئەو دایەرانە، بۆ بەئەنجام گەیاندنیان ئاسانكارییان بۆ بكەن و دەستی یارمەتییان بۆ درێژ بكەن.

**ماددەی پەنجاو چوار:**

زانكۆكان و هەیئەی پەیمانگە تەقەنیەكان و هەیئەی باڵای پسپۆڕە پزیشكییەكان لە ڕەسمی گومرگی هەموو ماددە و ئامێرو جیهازو پارچەكانیشیان سەرفرازن، هەروەها ماددەی یەدەگ و هی تاقیگە و ئامرازەكانی ڕوونكردنەوە و فلیم و بڵاوكراوە و كتێب و چاپەمەنیی هاوەردەش، لە چوارچێوەی پرۆژە و پسپۆڕیی فێركاریدا كە ئامانجەكانیان وەدی بێنن هەر هەموویان لە گومرگ سەرفرازن.

**ماددەی پەنجاو پێنج:**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی (١٩٩٣)ی فێرکردنی باڵاو لێکۆڵینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستانی عێراق و ماددەی دەیەمی یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق لەغو دەکرێن.

**ماددەی پەنجاو شەش:**

وەزیر بۆی هەیە رێنماییگەلێ بۆ ساناکردنی وەبەرکارخستنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربهێنێ.

**ماددەی پەنجاو حەوت:**

هەردەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی پەنجاو هەشت:**

پێویستە لەسەر وەزیرە پێوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**ماددەی پەنجاو نۆ:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان) دا، دەخرێتە بەرکار.

**د.رۆژ نــوری شاوەیس**
**ســەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێــراق**

## هــۆکــارە زەروورەکــان

پێ بە پێ لەگەڵ ئامانجەکانی ئەم قۆناغەدا کە لە خەمخۆری و گرنگی پێدانێکی نائاسایی و شایان بە کەرتی فێرکردنی باڵاو لێکۆلینەوەی زانیستیدا خۆی دەنوێنێ لە پێناوی ئەوەدا کە بە شێوەیەکی کارا لە برەوی بەرەوچاکترچوون و پێشڤەچووندا کە بە هەرێمەوە دیارە لە هەموو روویەکی سیاسی و کۆمەلآیەتی و ئابووری و ئاوەدانکردنەوەدا لەبەر ئەوە بە زەروور دانرا کە وەزارەتێکی تایبەت بۆ ئەم کەرتە ئەساسی و گرنگە دابنرێ تا بتوانێ برەوی زانکۆ و دامو دەزگا زانیستییە باڵاکان لە هەرێمدا تەنیسیق بکات و بەرەو وەدیهێنانی پەرەسەندنێکی زیاتری زانستی و تەکنۆلۆجی پێشی بخات و بتوانێ لەگەڵ زانکۆو دەزگاو لایەنە زانستی و رۆشنبیرییە بیانیەکاندا هاوکاریی زانستی و رۆشنبیری وەدی بێنێ و، گەلی کوردستان بگەیەنێ بە کاروانی بەرەوچاکترچوون و پێشکەوتنی زانست و شارستانیەتی جیهان، هەروەها دەرکەوت کە پێویستیمان بە ئامادەکردنی پزیشکانی پسپۆڕ هەیە لە لقە جۆربەجۆرەکانی پزیشیکدا بۆ پڕکردنەوەی کەمیی پزیشك کە لە کادیری پسپۆڕی پزیشکیدا هەیە، لەبەر ئەوە بە پێویست زانرا کە هەیئەی باڵای پسپۆڕە پزیشکییەکان لە هەرێمدا دابمەزرێ. جا بۆ ئەوەی بواریش بدرێ بە کەرتی تایبەت لە برەوی بەرەوچاکتربردنی زانستیدا بەشداری بکەن، وا پێویست دەکات کە رێگا بدرێت بەتاکە تاکەی خەڵك و هەیئەتە تایبەتەکان کە زانکۆی ئەهلی دابمەزرێنن تا ئەوانیش لە برەوی بەرەوچاکتربردنی زانستی و رۆشنبیریدا بەشدار بن لە ژێر سەرپەرشتی و کۆمەکی وەزارەتدا، تا بتوانین لە مەیدانی فێرکردنی باڵاو لێکۆلینەوەی زانستیدا هەنگاوێکی بەسوودتر لەهەرێمدا بەرەوپێش بچین، جا لەبەر ئەوانە، ئەم یاساکارییە ئەنجام درا.

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

ئەرشیفی پۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com